نرخی دۆلاری ئەمریکی بەیانی ئەمڕۆ لە بازاڕەکانی بەغدا و هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان جێگیر بوو

نرخی دۆلاری ئەمریکی بەیانی ڕۆژی سێشەمە لە بازاڕەکانی بەغدا و هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان جێگیر بوو.

نرخی دۆلار لەگەڵ کردنەوەی بەرسەکانی کیفاح و حارسیە لە بەغدا گەیشتە 146.600 دیناری عێراقی بە هەر 100 دۆلارێک، هەمان ئەو نرخانەی ڕۆژی دووشەمە تۆمارکران.

هەروەها لە هەولێر دۆلار جێگیری لە دوکانەکانی ئاوگەڵ تۆمارکرد، نرخی فرۆشتن گەیشتە 145.600 دینار بەرامبەر دۆلار و کڕین 145.500 دینار بوو بەرامبەر 100 دۆلار.